**بەڕێزان جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی:**

**سڵاوێکی گەرم:**

**بەڕێزان، یەکەم خۆشی لە مێژوی نزیکی پر ئازاری کوردا بریاری دامەزراندنی پەرلەمانی کوردستان بوو. تەواوکەری ئەو خۆشیەش بریاری بەکۆمەڵی دانی پەرلەمان بۆ فدرالی کوردستان بوو.**

**بەلام *ناکۆکی بەسەرچووی نێوانتان* ئەو خۆشیەیی لەبیر میللەت بردبۆوە و بێئومێدی کردبووین.**

**خۆشبەختانە بڕیاری ئازایانە و مێژوویی ئێوەی بەرێز بۆ وەلاوەنانی کێشە لاوەکیەکان و چارەسەرکردنی ناکۆکیەکانی نێوانتان و ڕێکخستنەوەی ماڵی کوردی، خەندە و خۆشی گێرأیەوە بۆ نێو کۆمەڵگا و برەو و ئومێدی بە تەواوی ئەندامانی دڵسۆزی میللەنەکەمان، بەخشی.**

**هیوادارین ڕۆژی ٨-٩-٢٠٠٢ بە پرشنگداری لە مێژوی میللەتەکەماندا تۆمار بکرێت و شەڕ و هەرای ناوخۆیی بۆ هەتا هەتایە بن گۆڕ بکرێت.**

**بەڕێزانی من بەناوی خۆم و ئەو هەموو دڵسۆزانەی کورد کە لە سایتی کودستان نێت** www. kurdistannet. org **دا بۆ بەرژەوەندی کورد دەنووسن، پڕ بەدڵ دەستان دەگوشم و پیرۆزبایی ئەو هەنگاوە گرنگ و بوێرانەیەتان لێدەکەم. وەهیوادارم هەوڵی ناحەزەکانی دوژمنانی کورد، بۆ تێکدانەوەی ئاشتی و تەبایی کوردان، بکەنە خۆراکی بەرەو پێشبردنی یەکێتی و تەبایی ناو ڕیزەکانتان.**

**هەر سەرکەوتوبن و بۆ پێشەوە بۆ چەسپاندنی کوردستانێکی فیدراڵ لەم کاتەداو کوردستانێکی ئازاد لە داهاتوویەکی نزیک دا.**

**عومەر فارس عەزیز**

**بەرپرسی سایتی کوردستان نێت**

**هۆڵەندا** 9-9-2002